ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق مانگانە 500 ملیار دینار دەداتە حکومەتی هەرێم

ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، مستەفا جەبار سەنەد ڕۆژی یەکشەممە (3ـی ئەیلولی 2023) ڕایگەیاند، کە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق مانگانە (500) ملیار دینار دەداتە حکومەتی هەرێمی کوردستان، جگە لە نوێکردنەوەی گرێبەستەکانی هەردوو کەمپانیای کار و قەیوان.

سەنەد لە پۆستێکیدا لە هەژماری فەرمی خۆی لە فەیسبووک نوسیوێتی، "ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریداوە مانگانە بڕی (500) ملیار دینار بە بڕژوەندی هەرێمی کوردستان تەرخان بکات"، ئاماژەی بۆشکردووە، "حکومەتی عێراق بڕیاری نوێکردنەوەی گرێبەستەکانی پاڵاوتگەکانی کار و قەیوان کرد".